کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-7-2007 22:15بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

2007 04 16

برای هێژامان کاک مەسعوود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
دوای سڵاو

ئێمە لە کاتێکدا تەواوی پشتیوانیی خۆمان بۆ هەڵوێستە نیشتمانییە جوامێرانەکەتان دەردەبڕین، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی هەڕەشەو فشارو شەڕفرۆشتنەکانی دەوڵەتی تورکیاو، هیوای سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سیاسییە دەخوازین کە لە کوردستاندا بەرپاکراوە. لە هەمان کاتدا بە داخەوەین کە ناچارین لە کێشەیەکی سیاسیی پەیوەست بە پارتی کارو پارتی دیموکراتی کوردستان جەنابتان ئاگاداربکەینەوە.

جەنابتان ئاگادارن لەو کێشەیەی کە کاتی خۆی 'پدک' و ئیدارەی ئەو کاتی هەولێر، بە هاوکاری کاک "یوسف حەننا"، بۆ پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانیان درووستکرد. دواجار کێشەکە بەوە کۆتایی پێهات ئیجازە ڕەسمییەکەی پارتی کار درایەوە.

ئێستاش بە پێویستی دەزانین جەنابتان ئاگاداربکەینەوە، کە برادەرانی "پدک" خەریکن "ابو حکمەت" یکی تر لەناو پارتەکەماندا قووت دەکەنەوەو کێشەیەکی تر دروست دەکەن.

ئێمە ڕوو لە جەنابت دەکەین و لە ڕێگەی بەرێزیشتانەوە، دەمانەوێ دەنگمان بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بگات. بە لای حزبی ئێمەوە کارێکی ئاسایی و مافێکی سروشتیی هەر کەسێکە وەک تاک، سەنگەر بگۆڕێ یان "ئەمبەرو ئەوبەر" بکات.

بەڵام لە خشتەبردن و پارەدان بەم و بەو بە نیازی هەڵوەشاندنەوەی هێزو ڕێکخراوی سیاسی، کارێکی نادیموکراتی و نا شارستانییە و پاوانکردنی مافی خاڵکانی ترەوە، بە توندی ئەم جۆرە ڕێبازانە ڕیسوا دەکەین.

هەر بۆیە تکا دەکەین، با چیتر پارتی دیموکراتی کوردستان، دەست نەخاتە کاروباری نێوخۆی پارتەکەمان و، ڕووداوێکی تری لە بیچمی ئەوەی "ابو حکمەت" بەرهەم نەهێنێ. چونکە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، هەر وەک چۆن "ڕەزە باخی" کاک یوسف حەننا نەبوو، بە هەمان جۆر ئێستاش "ڕەزە باخی" هیچ کەسێکی تر نییە، تا ئالۆویری پێوە بکات.

ڕاستە پارتی کار، پارتێکی چەپی کوردستانییەو، لە بواری فکریی و کۆمەڵایەتی و جیهانبینییەوە، هەڵگری پێناسەی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لە بواری کێشەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا، هاوسەنگەرو هاوبیری هەموو هێزە وڵاتپارێزەکانی ترە، بە "پدک" و "ینک" یشەوە.

ئەمڕۆ کوردستانی ئێمە، لەبەردەم چەندان مەترسیی سامناکدایە، کە بەشێکیان دەرەکیین و ئەوانیتریان ناوخۆیین و، پێکەوە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لەبارچواندنی دەستکەوتە سیاسییەکانی گەلەکەمان دەکەن، لەوانە:

یەکەم

مەحکومکردنی مانەوەی باشووری کوردستان، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کە دوو لایەنە سەرەکییەکانی بەشی عەرەبیی عێراق، نایانەوێ ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای دیموکراسیی و فیدرالیزم بنیاتبنرێت.

دووەم

مانەوەی چەندان کێشە بە هەڵپەسێردراویی لە نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراقدا، لە پێشەوەیان ماددەی 140 کە هەرچی هێزو مەیل و خولیای ڕەگەزپەرستیی و شۆڤینیی ناو دەوڵەتی عێراق و ناوچەکە هەیە لە گەلەکۆمەکیدان دژی گەلی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سێیەم
فشارو پیلان و هەڕەشەو دەستتێوەردانەکانی دەوڵەتانی تری داگیرکار، بە تایبەتی تورکیا.
چوارەم
هەڕەشەی بەرەی تێرۆریستان لە سەرجەمی ئەو پرۆسە سیاسییەی لە عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا بەرپاکراوە.
پێنجەم
سەرەتانی گەندەڵیی دارایی و ئیداریی و سیاسیی و موراڵیی، کە مەترسییەکی گەورەی ناوخۆییەو، بە کردەوە تەواوکەرو یارمەتیدەری ئەو چوار خاڵەی سەرەوەیەو هەڕەشەیەکی جددیيە بۆ کاڵکردنەوەی فکری ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان.
هێژا کاک مەسعوود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
ئێمە خەمبارو نیگەرانین وڵاتەکەمان بە بارودۆخێکی وا سامناکدا تێدەپەڕێت، کەچی ناچارین بۆ پاراستنی فکرو بۆچوونی سیاسیی و ڕێکخراوەیی و مافە یاساییەکانی حزبەکەمان، پەنا بۆ جەنابت بێنین، کە دامودەزگاکانی "پدک" ئاگاداربکەنەوە، گێچەڵ بۆ حزبەکەمان سازنەکەن.
لە کۆتاییدا
حەزدەکەین ئەوە دووپاتبکەینەوە، کە ئێمە پشتیوانی بێ چەندوچوونی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانین، لە ململانییە سیاسییەکاندا بۆ چەسپاندنی فیدرالیزم و دیموکراسیی لەسەر تەواوی خاکی باشووری کوردستان.
لە هەمان کاتدا بە توندیش دژایەتی ئەو گەندەڵییە دارایی و ئیداریی و سیاسیی و موراڵییانە دەکەین، کە بوونەتە هۆی ناڕەزایی و بێزارییەکی بەرفرەوان لەناو گەلەکەماندا و، هەژارکردنی زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی کوردستان و، لە ڕادەبەر دەوڵەمەندبوونی کارمەندە دەستڕۆیشتووە حزبیی و حکومییەکان، بە چەشنێک کە ئەمڕۆ بە ئاشکرا سەرهەڵدانی فکرو ڕەوشت و قەوارەی ڕێکخراوەیی "مافیا" لە کوردستاندا، زەق خۆی دەنوێنێ. هەر ئەم گەندەڵییەشە نایەڵێ لە کوردستاندا پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوە بنچینەییەکان ئەنجام بدرێن و داهاتی زەبەندی کوردستان بە شێوەیەکی عادیلانە و لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، بەسەر گەلەکەماندا دابەشبکرێت.
دووبارە ڕێزو سڵاو
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
2007 04 16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.